# پێویسته له دوو مانگی داهاتوودا وەزیری تەندروستی
# هەندێك له ستافی نەخۆشخانەكان دەربكات یان دوو بڕیاری گرنگ دەر بكات !!

د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەكان
پسپۆری تەندروستی گشتی
پزیشكی بەشی خۆپاراستنی ستۆكهۆڵم .
070725



پێویسته پێش كۆتایی ساڵی 2007 وەزیری تەندروستی چەند گیروگرفتێك به چەند بڕیارێك چارەسەر بكات كه خەرجی تێ ناچێت ، دەنا ساڵی داهاتوو ناڵەباری ڕەوشی تەندروستی تاك و كۆمەڵی كوردستان زۆر لەوە خراپتر دەبێت كه بەڕێزیان باسی لێوه دەكەن ! سەیری ماڵپەڕی سبەی ڕۆژی Friday , July 20, 2007 بكە .

سەرەتا حەز دەكەم كه خوێنەرانی ئەم بابەته ئاگاداربكەمەوه كه خۆشەویستی خاك و نەتەوه و پیشەكەم وەك پزیشكێك وایان لێكردم كه ئەم چەند دێره بخەمه بەرچاوی ڕێزدار د . زریان وەزیری تەندروستی پێش ئەوەی كارله كار بترازێت . ناوەرۆكی ئەم نووسینه چەند ڕاستییەكی تاڵ و ژاراوییه كه خۆم بینیومه و بەسەرم هاتووه كه بۆته هەوێنی ئەم نووسینه و هاوكات هۆی ناڕەزایی نەك تەنیا من ، نەخۆشەكان ، بگره كەسوكاریشیان و ژمارەیەك لەو پزیشكانەی كه به هەموو مانایەك وەك من پزیشكن (ژمارەیان كەمه) . به ڕای ئێمه چاككردنی بارودۆخەكه پێویستی به چەند بڕیارێكی تایبەتییه لەبەر ئەوەی باری تەندروستی (جەستەیی و دەروونی) دانیشتوانی كوردستان زۆر خراپه ، دەبووایه زۆر له ئەمڕۆ باشتر بكرایه . بەڕای هەندێك پسپۆری بەڕێوەبردن هونەره ئەوەی لێی نەزانێت چۆن بەكاری بهێنێت وسوودی لێوەربگرێت ئەوا به هەڵه بەكارهێنانی دەبێته هۆی گیروگرفتی گەوره بۆ دەستەڵاتدادار و نەتەوەكەی . هەرچەنده ئەوانەی پێشووتر له بواری بەڕێوەبردندا زۆر كەمتەرخەم بوون له گەڵ ئەوەشدا من گلەیی له تاكه كەس ناكەم وەلێ بمانەوێت و نەمانەوێت گەر دڵسۆز بیت بەرپرسیاری هۆشیاركردنەوەی میللەتت له ئەستۆدایه .
ئەوەی ئەز لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم مەبەستم ناوزڕاندنی هیچ كەس ولایەنێك نییه ، دوژمندار نیم و ڕقم له كەسیش نییه تەنیا حەز له كاری سەقەت وهەڵسوكەوتی هەندێك كەس (ستافی نەخۆشخانەكان) ناكەم كه بوونەته وێردی سەر زمانی دانیشتوانی كوردستان هەرچەنده باری تەندروستی هەولێر ودهۆك له سلێمانی باشتر نییه .
(لێرەدا باسی سلێمانی دەكەین) .
گەر بێتو ئەو ستافه بێ توانایانه له هەردوو بواری پزیشكی و بەڕێوەبردندا كه بوونەته گروپێكی سەرمایەداری بێویژدان له سەر ئێش و ئازارەكانی نەخۆشەكانی كوردستان كه هەموو بنەما پیرۆزەكانی پزیشكی و مرۆڤایەتی یان وەلاخستووه خۆیان چاك نەكەن و دەست له كاره خراپەكانیان نەكێشنەوه (خانەنشین بكرێن) ئەوا ڕۆژێك دا دێت كەسوكاری داخ له دڵی نەخۆشەكان له بری گوڵبارنكردنیان تەماته و هێلكەیان تێبگرێت ، لەوانەیه لەبەر لاوازی و بێدەستەڵاتی یاسا و پێشێلكردنی مافه سەرەتاییەكانی نەخۆشدا كاری خراپ یان گەورەیان بەرانبەر بكرێت !!
چەندان نەشتەرگەر شەوانه له یانەی پزیشكی (پیسوپۆخڵترین یانەیه لەچاو یانەی ئەندازیاردا) قەرابەیەك دەخۆنەوه و بەیانی كاتێك خوماری شەو بەری نەداون به دەم جگەره كێشانەوه به چەقۆ دەكەونه گیانی نەخۆش (به پێی قسەی چەندان نەشتەرگەر)

،هەندێك نەخۆش بە پێی خۆیان دەچنە ژووری نەشتەرگەرییەوە وەلێ پاشتر تەرمەكەی دەبرێتە دەرەوە و لە كۆتاییدا پێیان دەڵێن: كە خوا رۆژی تەواوكردیت دەمریت !! ( * )
بەڵام خۆیان لە قەرەی ئەو راستییە نادەن كە لەبەر دۆلار ژماردن چاوەكانیان كزبووە ، مێشكیان جام بووە و چی دی ناتوانن دەست ، چاو ، مێشك و ئەقڵیان بە راستی بەكاربهێن ، ئەوسا هەموو ئیشە خراپەكان دەخەنە ئەستۆی خودا !

هەندێكی دی بە هۆی بەساڵاچوونیانەوە توانای زانستی و پیشەیی یان نەماوە (ئەمە نەنگی نییە نەنگی، ئەوەیە لە پێناوی پارەدا نەخۆش سەقەت بكەیت یان بیكوژیت) وەلێ هەر سواری ملی كارەكەیان بوون و رۆژانە چەندان هەزار دینار لە نەخۆشی ساویلكە و نەخوێندەوار دەكێشنەوە بێئەوەی هیچ سودێكیان پێبگەیەنن.
چەندان نەخۆشخانەی تایبەتی هەیە ، هەریەكەیان ئەلەكتریك بەرهەمهێنەرێكی لەسەر شۆستەیەكی 3 مەتری شارەوانی داناوە و هەموو شۆستەكەی لە دانیشتوان داگیركردووە كە زۆر مەترسیدارە بۆ ژینگە و تەندروستی دانیشتوان . نمونە : یەكێكیان بە دەیان نەخۆشی نەك چاككردۆتەوە بگرە تەنانەت زۆربەیانی تووشی نەخۆشی دەروونی كردووە (بۆ ئەوەی هەمیشە بچنەوە لای) كاتێك بە نەخۆش دەڵێت: دڵت گەورە بووە . ژمارەیەك لەو نەخۆشانە پاشتر ECO ی دڵیان بۆ كراوە و دەركەوتووە ئەو نەخۆشانەی كە جەنابیان بینیویانن بە دەگمەن گیروگرفتی دڵیان هەبووە !!

یەكێكی دی وەك ئەوانی دی لە شەقامی ئۆرزدیباك عەیادەی هەیە هەر نەخۆشێك بێژێت تا م هەیە ئیتر ئەم بێ یەك و دوو هێڵكاری دڵ ، تیشكی سنگ ، سونەری سك و كۆمەڵێك تێستی میز و پیسایی و خوێنی بۆ دەكات و كە هەمووی لە لای خۆیەتی و پاش 2–3 كاژێر پێی دەڵێت تایفۆید تە یان تای ماڵتا تە . ئەنجامی تای ماڵتاو تایفۆئید لە 2 كاژێردا تەواو دەبێت وەلێ لە تاقیگاكانی سویدا 5–7 رۆژی گەرەكە ، ئەمە تەكنەلۆژیای دختۆرە سەرمایە دارە بێویژدانەكانی كوردستانە !! ئەوە جگە لە نایلۆنێك دەرمانی بەسەرچووی بێ سەروو بێ بەر كە زۆرجاران هیچ پەیوەندییەكی تەنانەت بە نیشانەكانی نەخۆشی نەخۆشەكەوە نییە دەفرۆشرێتە نەخۆش .
ئەوەی راستی بێت ئەو دوو نەخۆشییەی سەرەوە بۆتە وێردی سەر زمانی دەیان پزیشكی بێ توانای دی كە رۆژێك لە رۆژان لە زانكۆ خوێندكاری ئەو زاتانە بوون . ئایا ئەوە نەنگییەكی گەورە نییە بۆ دەستەڵاتی كوردی كە تا ئەمڕۆ لە كۆلێژی پزیشكی هەرسێ زانكۆكانی كوردستان پسپۆری وانە وتنەوەی بەشی نەخۆشییە درمەكان نییە !!! ئینجا دەبێت خوێندكارێكی تازە دەرچوو چی لە مەڕ تای ماڵتا و تایفۆئید یان زەردووییەكان فێرببێت و ئەوسا نەخۆش دڵی بە كێ خۆش ببێت ؟؟؟.
ئەز لەم دوورەوە هەموو هاوینێك هەفتانە هەڵە كوشندانەكانی ئەو زاتانە و ئەوانی دی چاك دەكەمەوە (كات ، خەرجییەكی بەرز و ماندووبونێكی زۆری گەرەكە) كە ئەوان بەرانبەر بە نەخۆشەكان رۆژانە ئەنجامی دەدەن و لە پێناوی چەند دۆلارێكدا پیرۆزی زانست و پیشەكەیانیان وەلاخستووە هۆكەشی دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی لێپرسینەوە !!

بەرێزان بۆ زانیاری جەنابتان ئەمڕۆ هەمووان ژمارەیەكی زۆری پزیشكانی شارەكە بە قەسابەكانی نەخۆشخانە ناوەزەند دەكەن (لە گەڵ رێزمدا بۆ كاری قەسابی) ئەمانیش وەك ئەو پزیشكانە تاوانبارن كە لە هەشتاكاندا (لە پێناوی پلەوپایەدا) تەمەنی لاوانی كوردیان زێد دەكرد بۆ ئەوەی عارەب ئیعدامیان بكات ، ئەمڕۆش خەڵكی شار سەقەت دەكەن .!!
لە هەموو شاری سلێمانیدا كە زێدەتر لە یەك ملیۆن مرۆ دانیشتوانییەتی (جگە لە دەوروبەری) تاكە تاقیگایەك كە جێی باوەڕ ومتمانەی پزیشك و نەخۆشە و زۆرجار ئەنجامی تێستەكانی تەواوە تاقیگای نەخۆشخانەی سلێمانییە .

لەبەرئەوە زۆر لە مێژە دەبوایە بە بڕیارێكی بوێرانە هەموو تاقیگا لاكۆڵانەكانی نەك سلێمانی بەڵكو هی هەموو كوردستان دابخرێت !! بەڵام چ وەزیرێكی تەندروستی ئەو جورئەتە دەكات یان دەبێت تا رۆژی مردن خەڵكی چاوەڕوان بن ئەمیشیان لە توانای كەسدا نییە . لەبەر ئەوەی هەمووشتێك لە باریكیدا دەپچڕێت تەنیا زوڵم زۆرداری نەبێت لە ئەستوریدا دەپچڕێت . جارێ

ئەوە باسی ئەمبار (کۆگا) دەرمانفرۆشەکان ناکەم ، نمونە : رۆژی 17ی تەموز لە گەڵ خزمی نەخۆشێکدا بۆ کڕینی ئەنتیبایۆتیکێك رووکمان کردە لای یەکێکیان (شەقامی ئۆرزدیباك) لە سەرجەمی 3 ئەنتیبایۆتیك ماوەی 2 یان بەسەر چووبوو (ئێکسپایەربوون) تەنیا یەکێکیان دەتوانرا بەکاربهێنرێت . ئینجا ئەو کۆگایە دەرمان بە دەرمانخانەکان دەفرۆشێت و ئەوانیش دەیدەنە نەخۆشی نەگبەتی کورد ؟ بە رای جەنابتان ئەم بازرگانە چی لەو کەسانە کەمترە کە بە ماددەی کیمیایی کوردیان دەخنکان ؟؟

ئەز لەو باوەڕەدام کە گیروگرفتە گەورەکان پلان وهەنگاوی زیرەکانەی پێویستە ، پلاندانان و باشکردنی بەرێوەبرن مرۆی ئازاو چاونەترسی گەرەکە . من نایژم پێویستیمان بە نەخۆشخانە نییە وەلێ بەرێوەبردن ئەو دەرمانەیە کە عیللەتەکانی نێو نەخۆشخانەکانی کوردستان چارەسەردەکات . ئەمساڵ لە سەردانەکانمدا بۆ کوردستان گەیشتمە ئەو راستییەی کە زۆربەی زۆری مووچەخۆرەکانی وەزارەتی تەندروستی هەرچی نەشیاوە دژی نەخۆش ، نەخۆشخانە ، یاسا و حکومەت ئەنجامی دەدەن .

ئەو گیروگرفتانەی بە بڕیار چارەسەر دەکرێن :

1– گیروگرفتی جگەرەکێشانی کارمەندانی نێو نەخۆشخانەکان (پۆلیس ، فەڕاش ، پەرستیار و دختۆرەکان) .

لە بەشی دووەمی مانگی (مایس– مەی) ی ئەمساڵدا بۆ هێلکارییەکی مێشك پێویست بوو بچمە نەخۆشخانەی (عەلی کەمال) . بەپێی کات وەرگرتنەکە پێویستە نەخۆش لە نێوان کاژێری 8–9ی بەیانی بە ناشتا لەوێ ئامادە بێت . کاژێری 7.50 خولەك لە گەڵ ئەو پۆلیسەدا بوو بە دەنگمان لەبەر ئەوەی بەو سبای ساڵحانە کە خێرو شەڕ بەش نەکرابوولە پرسگەکە لە پشتی میزێکەوە لە سەرکورسییەك دانیشتبووجگەرەیکی ئێکسپایەری بۆن ناخۆشی گرتبوو بە لێویەوە فیشکە فیشك نەفەسی لێدەداو هەمووانی هەراسان کردبوو لە هەمووی سەیروسەمەرتر لە ژوور سەریەوە لەسەر دیوارەکە بە گەورەیی نووسرابوو جگەرەکێشان قەدەغەیە !!



لە وەڵامی پرسیارەکەمدا بۆچی لە نێو نەخۆشخانەدا جگەرە دەکێشێت ، وتی: من خۆم بریار دەدەم جگەرە بکێشم یان نا و هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە بێ ئەوەی رەچاوی ئەو راستییە بکات کە ئەو مووچەخۆرێکی حکومەتە و یاسای وڵاتەکەی پێشێل دەکات .

دەنا من هیچ مافێکم نییە لە مەڕ جگەرەکێشانی ئەو ، بەڵام ئەو دەبێت ئەو راستییە بزانێت کە ئەویش و ئەو کەسەی کە ئەوی لەوێدا داناوە ، تەنانەت هەموو کەسێك دەبێت ملکەچی یاسا بێت و کەس بۆی نییە لە نێو نەخۆشخانەدا جگەرە بکێشێت . کاتێك ئەو پۆلیسەی کە سەرومالی دانیشتوان وسەرورەری یاسای لە ئەستۆدا وا بلێت و هەڵسوکەوتی نایاسایی ئەنجام بدات ئایا دەبێت کەسانی دی چی بکەن ؟

(لێرەدا دەبێت هەمووان ئافەرین لە بەرێوەبەری پۆلیسی شار بکەین بۆ هەلسوکەوتی پۆلیسەکانی کە چۆن یاسای وڵات دەخەنە ژێر پێوە ، ئاو دەرژن بۆ ئەوەی کەسانی دی چاویان لێ بکات) .

چەند خولەکێکی دی فەراشێکی ئافرەتی سەروو 55 ساڵانەی دەسماڵ لە شان (باجی ...) جگەرەیەکی لە نێو پەنجەکاندا بوو لە ژوورێکەوە هاتە دەرەوە و بە هۆڵەکەدا بە بەرچاوی هەمووانەوە زۆر بێ شەرمانە خۆی کرد بە ژووری هێلکاری مێشك دا بێئەوەی

هیچ هەستێکی تیادابێت ، لەوانەیە سووتوی ئەو جگەرەیە ببێتە هۆی گڕگرتنی ساغەزی هێلکاری پاشتر ببێتە هۆی ئاگرێکی وەها نەك زیانی ماددی بگرە گیانیشی لێ بکەوێتەوە . کاتێك لێم پرسی بۆچی بە جگەرەوە دەچیتە ژوورەوە نازانیت لە نەخۆشخانەدا جگەرەکێشان قەدەغەیە ؟؟ لە وەلامدا گووتی لە سەرەکەی خۆتدا راوەستە !!

لەبەر بەسالاچوویی نەبوایە وەلامێکی باشم دەدایەوە ، بەلام دیاربوو ئەویش چاوی لە پۆلیس و دکتۆرەکان دەکرد .

کات هات و چوو بوە کاژێری 10 و پاشتر 11 کەس بانگی نەکردین و نەخۆشەکەمان گێژبوو ، باری تەندروستی تێکچوو ، برسێتی ، تینویەتی ، گەرمی و پالەپەستۆی نەخۆشەکان وای کرد خەریکبوو بکەوێت .

ئەوسا لە پەرستیارێکم پرسی (کۆمەلێك بازنگی ئالتوون ، موستیلە و حەتحەتۆکەی بەخۆوە کردبوو) ئەوە بوو بە 11 و نیو بۆچی سەرەمان نەهات وتی تا ئێستا دختۆر نەهاتووە !!

پاشتر گووتی: برۆ بۆ سەرەوە بۆلای بەرێوەبەر ، کاتێك گەیشتمە بەر دەرگاکە ئافرەتێك دانیشتبوو بۆیاخی نینۆکی دەکرد بێئەوەی سەر بەرزبکاتە وتی: مدیر لێرە نییە ، برۆ ئەو بەر بۆ لای نائیبەکەی !

لەوبەرەوە لە ژووری جێگری مدیر دوکەلْ دەهاتە دەرەوە ، تەنانەت هۆلەکەی قان دابوو لەبەر ئەوەی 4-5 پیاو جگەرەیان دەکێشا دەمووچاویانم بە باش نەبینی ، لە وەلامی پرسیارەکەمدا کەی دختۆری هێلکاری دێت یەکێکیان وتی: برۆ خوارەوە بەرێوەیە !!

هاتمە خوارەوە و ئەوسا چوومە ژووری هێلکاری و رووم کردە ئەو ئافرەتەی کە هێلگاریەکەی تۆماردەکرد و پرسیم لێی ئایا بۆچی پێش 2-3 رۆژ ئەوان بە نەخۆش دەلێن بە ناشتا کاژێری 8 دەبێت لێرە بێت وەلێ 11.30 ی نیوەرۆ کەس بانگ ناکرێت ئەوە نەنگی نییە کە دختۆر مووچەخۆری ئەم حکومەتەیە بەلام تا نیوەرۆ نایەتە نەخۆشخانە وهەمووان دەلێن حکومەت وا و وا....تاد ، خۆ منیش دختۆرم بەلام هەرگیز 5 خولەك لە نەخۆشخانە دواناکەوم ؟؟

ئەوسا وتی کوا نەخۆشەکەتان بۆچی نالێت دختۆریت ؟؟ لە وەلامدا گووتم بۆ ئەوە نەهاتووم واسیتە بکەم وەلێ پێویستە پلانێك دابرێژن و بلێن کاژێری ئەوەندە ، لەبەر ئەوەی بۆ ئێوە و نەخۆش و کەسووکاریشی باشە ، لە دەنگە دەنگ و نارەزایی قورتارتان دەبێت .

هەرچەندە نەخۆشێکی لە لابوو بەلام پێی وتم فەرموو نەخۆشەکەتان بێنە ، من رازی نەبووم تا ئەو کاتەی نەخۆشی نێو ژوورەکە تەواو بوو و هاتە دەرەوە ئەوسا چووینە ژوورەوە پاشتریش جەنابی دختۆریش هات . کە زانی منیش دختۆرم (نەك وەك ئەوان) نووسینێکی گرت بە دەستەوە تا چووینە دەرەوە بە دەم سەیرکردنەوە نقەی لە خۆی بری !!.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەو راستییە کە بە هۆی دوکەلی پیسی جگەرەوەیە کە دیوار ، گلۆپ ، وایەکی ئەلەکتریك ، پەنجەرە و دەرگاکانی نەخۆشخانەکان رەنگیان زەرد هەلگەراوە و ئەوەندە بۆنیان ناخۆشە کەس حەز ناکات سەر بە نێو نەخۆشخانەکانی شاردا بکات . !!

تێبینی :

A- جگەرە کارگەیەکی کیمیاوی گچکەی دەگمەنە ، پاش سووتاندنی نزیکەی 5000 جۆری جیاواز پێکهاتەی کیمیاوی و ماددەی دی تیادایە ، هەر هەموویان زیانبەخشن و هیچ سوودێکیان بۆ تەندروستی مرۆ نییە .

B- جگەرە چەندە زیان بە جگەرە کێش دەگەیەنێت ئەوەندەش دوکەلەکە زیان بەو کەسانە دەگەیەنێت کە جگەرە ناکێشێت کاتێك پێکەوە لە مالێکدا دەژین ، لە سەرکارێك کاردەکەن و دوکەلەکە هەلدەمژن !! سالانە لە ئەوروپادا نزیکەی 35 هەزار کەسی جگەرە نەکێش بە دوکەلی جگەرەی جگەرە کێشەکان دەمرن !!!

( * ) هیوادارم بۆ راستی و دروستی ئەو دێرەی سەرەوە د . زریان لەو پزیشکانە بپرسێت کە لە رۆژانێك لە شاخ کاریان لە گەلدا کردووە و ئەمرۆ لە نەخۆشخانەکانی شار دا کاردەکەن.

چارەسەر

* دەبێت بە زووترین کات وەزارەتی تەندروستیی بڕیارێك دەربکات و بە راشکاوی هەموو کارمەندانی نەخۆشخانە تەنانەت ئەو پۆلیسانەی کە لە پرسگە و نێونەخۆشخانەکاندا کاردەکەن ئاگادار بکرێنەوە کە چی دی نابێت بە هیچ شێوەیەك جگەرە بکێشن دەنا بڕێك پارە لە مووچەکەیان دەبڕدرێت ، دەگوازرێتەوە تەنانەت دەردەکرێت !!

** پێویستە پۆلیسی ئاسایش پارێزی نەخۆشخانەکان هەموو میوانەکان و کەسوکاری نەخۆشەکان ئاگاداربکەنەوە کە جگەرەکێشان لە نێوسنووری نەخۆشخانەدا قەدەغەیە ، هاوکات نابێت هیچ کەسێك جگە لە گوڵ هیچ شتێك بێنێتە نێو نەخۆشخانەکانەوە . یان ئەوەتا رێکلامێکی تەلەفزیۆنی بۆ هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان بکرێت .

***پێویستە لە کاتی دیاریکراودا سەردانی نەخۆش بکرێت بە مەرجێك هیچ میوانێك تەلەفوونی مۆبیلی نەکرابێتەوە یان لە پرسگاکە پاتریەکەیەی لێ دەربهێنرێت .

**** دەبێت بە بڕیارێکی تایبەتی هەرچی فەراش هەیە لە نێو نەخۆشخانەکاندا نەمێنن ، ئەوانەی خزمەتیان زۆرە با خانەنشین بکرێت . لەبەر ئەوەی ئەوان هیچ رۆڵێکیان نییە تەنیا گیروگرفت نەبێت ، ئەوە جگە کە تێکدان و قێزە وەنترکردنی سیمای نەخۆشخانەکان ، پێویستە لە ئەمڕۆ بە دواوە دختۆر و پەرستیار خۆیان ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ بکەن .

***** پێویستە هەموو کارمەندانی نەخۆشخانە جلوبەرگی سپی یان تایبەتی خۆیان لەبەربکەن و هیچ کەسێك جلوبەرگ ، بازن ، مستیلە ، حەتحەتۆکە و متو مووروو، لەچك و تەنانەت بۆینباخ بەکار نەهێنێت لەبەر ئەوەی کارمەندان میکرۆبی نێو نەخۆشخانە کان دەبەنەوە ماڵەوە و خێزان و منداڵەکانیان تووشی نەخۆشی دەکەن .

## 2-گیروگرفتی بەڕێوەبردن و پلاندانان

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا (تەموز- ژولای) جارێکی دی رێم کەوتەوە سلێمانی و بە هۆی نەخۆشێکی ناسیاومەوە لە گەڵیدا چووم بۆ نەخۆشخانەی ئیستشاریی سنگ ەکەی سلێمانی، ئەم نەخۆشخانەیەش هەر زۆر لە فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانییەوە نزیکە . لە ماوەی یەك کاژێردا 15 کەس چوونە ژوورەوە بۆ لای دختۆرێکی پسپۆری شێرپەنجەی عارەب !!

هەرچەندە جەنابی دختۆر 2 کەسی دی وەك پارەوەرگرو پەرستیار لە بەردەستدابوو ئەوانیش ناوبەناو یەك دووانێکی دی یان دەکرد بە ژووردا . ئەوەی جێی سەرسوڕمانە 7-8 کەس لە نەخۆشەکان و کەسووکاریان عارەبییەکی جلفەیان دەزانی ئەوانی دی تەنیا بە کوردی قسەیان دەکرد.

سەرەتا بە پەلە و لەسەر پارچە کارتۆنێکی دەرمانی بەسەرچوو ناوەکان نووسران و پارەکانیان لێوەرگرتن ، بێئەوەی بزانن ئەوانە بۆچی دێن بۆلای دختۆر وچەند خولەکیان پێویستە تا باسی نیشانەکانی نەخۆشییەکەیان بکەن ، ئەنجامی ئەو تاقیگایانەی کە هیچیان راست نین ، ئەنجامی MR و CT کە هەرگیز ناتوانراوە 2-3 دێری زانستیانەی پوخت لە مەڕ ئەنجامی تیشکەکە بنووسن بۆ دختۆرەکان ...تاد .

(لەوێدا ئەم پرسیارە لە مێشکمدا گەڵاڵە بوو ، ئایا نەخۆشێکی دووجار ئەنفالکراوی کەلاری کە ئەو رۆژە لەوێبوو چی لە دختۆر تێدەگات لە کاتێدا نەك دختۆرە عارەبەکان بەڵکو ژمارەیەك پزیشکی کوردیش کوردی نازانن ، ئەی ئەمانەی ئێرە چی لەیەکدی تێدەگەن ، چۆن ئەو دختۆرە دەستنیشانی نەخۆشی دەکات) ؟؟

من لێرەوە پرسیارێك لە رێزدار د . زریان وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان دەکەم لەبەر ئەوەی خۆی لە ئینگلیستان پزیشك بووە منیش لە هەشتاکانەوە لە ئەوروپا پزیشکم چ دختۆرێك هەیە لەم دنیاییەدا لە 60 خولەکدا 15 نەخۆش ببینێت و دەستنیشانی نەخۆشەکانیان بکات ، ئازارو نیشانەکانیان بڕەوێنێتەوە بە تایبەتی لە پسپۆڕێ ئەو پزیشکە عارەبەدا ؟؟

ئەو کارەی ستاف تەندروستی کوردستان ئەنجامی دەدەن زۆرخراپە ، نامرۆڤانەیە ، ناشیرین و ناشایستەیە بە نەخۆش وەلێ دەتوانرێت رێك بخرێت ، سەرەتا دەبێت تەمەن و ناوی نەخۆش بنووسرێت ، هۆی هاتنی بۆلای پزیشك ، ماوەیەکی دیارکراوی

پێ بدرێت (بەلایەنی کەمە 15 خولەکی بۆ دانبرێت) کە مافێکی سەرەتایی و بنچینەیی نەخۆشە لەبەر ئەوەی بەرامبەر بە کاتەکەی نەخۆش پارە دەداتە پزیشك ! ئەگەر ئەمە حاڵو وەزعی ئیستیشاریەکەی حکومەت بێت ئایا چۆن لە کلینیکی ئەهلییەکاندا بە جەڵەب و وەك رانەمەڕ پێنج پێنج نەخۆش ناکرێتە ژوورەوە .

## چارەسەر

* دەبێت بە بڕیارێك هەموو ئەو ستاف نێو نەخۆشخانەکان (حکومی و ئەهلیەکان) ئاگاداردەکرێنەوە کە دەبێت بەلایەنی کەمەوە پزیشك ماوەی 15 خولەك بدات بە هەر نەخۆشێك بۆ بینین ، 5 خولەك بۆ گوێگرتن ، 5 خولەك بۆ فەحس کردن و 5 خولەك بۆ نوسینی دەرمان و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی تیشك ، تاقیکا ، هێڵکاری دڵ یان مێشك .

** دەبێت بە بڕیارێك کاری نەخۆشخانەی قەستەرەی دڵیش چاك بکرێت . لەبەرئەوەی کە نەخۆشێك لە مانگی ئازاردا باری تەندروستی خراپ دەبێت 300 دۆلاری لێوەردەگرن و پاش 3 مانگ سەرە رۆژێك تەنانەت جلی نەشتەرگەریشی لەبەر دەکرێت پاشتر پێیان وتووە : بڕۆرەوە ماڵەوە سەرەکەت هەڵەیە چەند مانگێکی دی وەرەوە لەبەر ئەوەی ئامێرەکە لە دڵی نەخۆشێکدا شکاوە !! چەند رۆژێك لەمەوبەر پێیان وتووە دەبێت جارێکی دی سەرە بگریتەوە !! ئەمە چییە ؟؟؟

سەرنج : تا ئەمڕۆ رێکلامی هەڵبژاردنەکانی حیزبەکان بە دارو دیواری نەخۆشخانەی ئیستیشاری سنگەکەوەیە (ئافەرین بەرێوەبەری تەندروستی سلێمانی) کە نەخۆشخانەکان چ سیمایەکی شارستانی یان پێوەیە .

لێرەدا پرسیار لە ستاف (بەرنامەی بەرنامە) دەکەم کە بەرێزیان سەرپەرشتی دەکات بۆچی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی لەمەڕ پزیشك ، نەخۆش ، تاقیگا و کلینیکەکان و نەخۆشخانە بۆگەنە گەندەڵەکانی سلێمانی ئامادە ناکات و پێشکەشی بینەرانی بکات ؟؟ وابزانم ئەمەیان لە ڕادە بەدەر بینەر و ڕەواجیشی دەبێت !!

هیوادارم رێزدار د . زریان لەوە زێدەتر رێگە بە زێدەڕۆیی ستاف نەخۆشخانەکان نەدات لەو ماوەیەدا کە وەزیری تەندروستییە ، دەبێت لە نێو نەخۆشخانەکاندا تەنیا یاسای وەزارەتی تەندروستی بەرقەرابێت و کارەکان رێکتربخرێن . لەبەر ئەوەی پلاندانان باری ئابووری تاك و حکومەت باشتر دەکات ، نەخۆش ئاسوودەتر دەبێت ، دەنگە دەنگ ، شەڕ و هەڵچوونی خزمانی نەخۆش و هاوکات قەڵەباڵغیش کەم دەبێتەوە ئەوەش دەبێتە هۆی باشبوونی رێرەوی نەخۆشی .

بەڵام گەر یەکێك سەرپێچی بکات یان زیان بە نەخۆش بگەیەنێت دەبێت سزا بدرێت (بۆ ئەوەی هەڵەکە دووبارە نەبێتەوە) و تەنانەت لە سەر کارەکەی دەربکرێت وەك بڕیاری دەرکردنی د . ف ی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی ، لەبەر ئەوەی کاتێك دەستەڵات لە خزمەتی میللەتدایە نرخی دڵسۆزی وماندووبوون تەنیا سەرورییە.

**لە کۆتاییدا نابێت ئەو راستییەمان لە بیر بچێت کە دختۆری بێ توانا**

**زۆر لە دەرمانی بەسەرچوو ترسناکترە !!**